# ئافرەتانی کورد داوای شکاندنی تەلیسمی نایەکسانی دەکەن

**چەندین رووداوی هاندەر و بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان ئاشکرادەکرێت، ئافرەتانی چالاکی بواری مافی مرۆڤیش بە سەرنج و رای جیاوازی خۆیان داوای هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و دەستەبەرکردنی مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان دەکەن .**

**گوڵان - کۆمەڵایەتی**

### یاسای توندوتیژی خێزانی بەهۆی ململانێی حزبی و رای جیاوازەوە جێبەجێکردنی ئاسان نییە

نەجیبە مەحموود راگەیاندکار و چالاکوانی بواری مافی ژنان، کە ساڵانێکە لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان تواناکانی خۆی لەپێناوی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی جێندەری خستۆتەگەڕ، رایوایە «کوشتنی ژنان لەهەر کوێیەکی دنیا ئەنجام بدرێت، تاوانێکی گەورەیەو دەبێت بە هەموو توانایەکەوە هەوڵی بنبڕکردنی بدرێت، کۆمەڵگەی کوردەواریش لەوە بەدەر نییەو کەمتەرخەمی لەو بوارەدا دەبێتە پەڵەیەکی رەش بەناو چاوانی هەموو تاکێکی کوردەوە. ئەو چالاکڤانە دەڵێت «کوشتنی ژن بە مانای کوشتنی ژیان دێت، لە هەر کوێ ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە ئەنجام بدرێت، ئەوە گوزارش لە ئاستی بیرکردنەوەی دەسەڵات و سیستەم و کۆمەڵگەکەی دەکات. هیچ دەسەڵاتێکیش بەبێ ئازادی ژن، ناتوانێت لاڤی ئازادی و دیموکراسی لێ بدات، ئازادی کۆمەڵگە بەندە بە ئازادی ژنانەوە». جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ژنکوژی کاتێك کۆتایی دێت، کە دەسەڵات بەپێی یاسا سزای توندی تاوانباران بدات، کەسیش نەوێرێت بە هیچ پاساوێك داڵدەی تاوانبارێکی ژنکوژ بدات.



### زۆربەی تاوانبارانی ژنکوژ لەلایەن بەرپرسێك یان عەشیرەتەکەیانەوە داڵدە دەدرێن

نەجیبە مەحموود هێما بۆ ئەوە دەکات کە نەبوونی یەك هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان و دەسەڵات، بارودۆخەکەی ئاڵۆزترکردووە، بۆیە یاسای توندوتیژی خێزانی بە هۆی ململانێی حزب و رای جیاوازەوە تا ئێستا جێبەجێکردنی ئاسان نەبووە. گوتیشی «تەنانەت دووئیدارەیی بەو یاساشەوە دیارە. وەك لەیاسای باری کەسێتی، ماددەی ۱۱۱ی سەردەمی حزبی بەعس هەر لە کوردستان ماوە، هاوکات ماددەی ٥٩ی ۲۰۰۱ی سلێمانیش هەیە، بەڵام لە هەولێر بەیاسایەك و لەسلێمانیش بە یاسایەکی دیکە کاردەکەن».

ئەوەی کە زیاتر ئەو خەمخۆرەی مافی ئافرەتانی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە «دەسەڵات تا ئێستا نەك نەیتوانیوە کۆمەڵگە هان بدات کە وەك مرۆڤێکی کارا لە ژن بڕوانن، بەڵکولەمانەوەی هزری پیاوسالاری رۆڵی بەرچاوی هەبووە». نموونەشی بەوە هێنایەوە کە «زۆربەی تاوانبارانی ژنکوژ لەلایەن بەرپرسێك، یان عەشیرەتەکەیانەوە داڵدەدەدرێن، کە خۆیان لە سەرووی یاساوە دەبینن». هەر ئەوەشی بە هۆکارێك بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتان هەژمارکرد. پێشنیاریشی کرد حکومەت و هەموو رێکخراوەکانی مەدەنی پێکەوە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کەسانی خاوەن ئەزموون و بەتوانا و مەیدانی رابهێنن و کاریان پێ بدرێت و دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنن کە بچنە خوێندنگەکان و لە گەڕەکە میللییەکانی شار و لە شارۆچکەو لادێکانیش کۆڕ و سیمیناری جۆراوجۆر رێکبخەن و بەرامبەر بە نایەکسانی جێندەری و مەترسییەکانی لەسەر کۆمەڵگە وشیاریان بکەنەوە. گوتیشی «پێویستە دەسەڵات واز لە هەندێك دەموچاوی بەرژەوەندیپارێز بێنێت کە بەناو کار بۆ ژنان دەکەن، ئەوانە هەموو پۆستەکانیان پێ تاقی کرایەوە، یەك جاریش نەیانتوانی مەینەتییەکانی سەر شانی ژنان کەم بکەنەوە».

### چەمکی شەرەفی پیاو چووەتە چوارچێوەی تەسکی جەستەی ژنەوە بۆیە دیاردەی ژنکوژی لێدەکەوێتەوە

سیمین چایچی، خانمە شاعیر و رووناکبیری خەڵکی سنە، سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەدەبڕێت: «ئەگەر بە چاوی مرۆڤانە و دوور لە جیاوازییە رەگەزییەکانەوە سەیری ژیانی کۆمەڵایەتی سەردەم بکەین، ئەم بڕیارە نێونەتەوەییە هەموو یاسا کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەریتییەکان ئەبەزێنێ کە دەڵێت: مرۆڤ بە ئازادی لە دایك ئەبێ و لە باری کەرامەت و مافەکانەوە یەکسانن. بەڵام بەداخەوە تا ئەمڕۆ هیچ وڵاتێك



به تەواوی نەگەیشتووەتە ئاستی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە یەکسانیخوازەو هێشتا جیاوازی جێندەری کێشەیەکی گشتگیر و جیهانییە، بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا کە ڕوانین بۆ ژن، ڕوانینێکی جنسی و ئۆبژەییە، کایە بە جەستەی ژن کایەیەکی پڕ خەتەرە کە ژیانی ملیۆنان ژن تووشی نائەمنی و ناخۆشی کردووە. توندوتیژییەکان چ بە شێوەی نهێنی و نەرم، کە لەبنەماڵەوە دەستپێدەکەن و چ بە شێوەی دیار و بەرچاو و دەرەوەیی، تا دوایین ڕۆژی ژیان بەردەوامن. فرەژنی و لێدان و کوشتن و بوختان ژنان تووشی دەیان جۆر نەخۆش و گرێی ڕۆحی و ڕەوانی دەکات کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بنەماڵە و منداڵ دادەنێ، بەداخەوە منداڵ بێتاوانترین قوربانی سیستەمی پیاوسالارییە. قانوون و کەلتوور بە پیاو ڕێگە ئەدا ژن بە موڵکی خۆی بزانێ، واتە چەمکی شەرەفی پیاو ئەچێتە چوارچێوەی تەسکی جەستەی ژنەوە، بۆیە دیاردەی ژنکوژی لێ دەکەوێتەوە.

کاتێ کە هەواڵی کوشتنی ژنێك لە لایەن (باوك- برا- شوو) بڵاو دەبێتەوە، یەکەم بیرۆکە کە دێتە مێشکی جەماوەرەوە وشەی ناموسە، ئەگەر هۆی ئەو ژنکوژییە شتێکی تریش بێت، دیسان هەر وشەی ناموس سێبەرێکی ڕەش ئەخاتە سەر کەسایەتی کوژراوەکە. واتە قوربانی سەرەتا لە خەیاڵی نەخۆشی بکوژو دواجار لە بڕوا و بڕیاری بێڕەحمانەی گشتیی کۆمەڵگەدا مەحکووم دەبێت».

هەروەها سیمین چایچی لە درێژەی باسەکەیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە سەدەی ٢١دا دیاردەی شارستانییەت لە هەموو بوارێکی ژیانی مرۆڤدا بەدی دەکرێت و خەریکە هاوسەنگی ئینسانەکان جێگیر دەکرێت، بەڵام «کۆمەڵگەی کوردی لەو بوارەدا پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە نەدیوەو بەرەو مەترسییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی دەچێت»، گوتیشی «مەترسی گەورە تەنیا بواری سیاسی ناگرێتەوە، بەڵکو قەیرانی کۆمەڵایەتیش مەترسی گەورەیە و کوشتوبڕی ژن بە هەر بیانوویەك، قەیرانێکی کۆمەڵایەتیی مەترسیدارە بۆ بەرگری لەو قەیرانەش کە

**نەجیبە مەحموود:**

## هیچ دەسەڵاتێک بەبێ ئازادی ژن ناتوانێت لاقی ئازادی و دیموکراسی لێبدات

ڕێگەخۆشکەری کۆنەپەرستی و خۆپەرستییە، چالاکوانانی مافی مرۆڤ نابێت بێدەنگ بن بەرانبەر بەم کردارە نائینسانییە، ئەگەر هەوڵی وەستاندنی ئەم خەتەرە نەدەن، بەڕاستی بەرامبەر بە مێژوو بەرپرسیار دەبن».

### پێویستە ئافرەتانی کورد خۆیان تەلیسمی نایەکسانی بشکێنن

گەشاو جاف، نووسەر و ڕۆژنامەنووسەو لە بواری ڕاگەیاندن لە وڵاتی بەریتانیا خوێندوویەتی و لە چالاکوانە دیارەکانی بواری مافی ژنان و منداڵانە، ئەو بە پێویستی دەزانێت ئافرەتانی کورد خۆیان تەلیسمی نایەکسانی بشکێنن و هاوکات دەڵێت «زۆربەی ئەوانەی کە بەڕێوەبەر و دەمڕاستی ڕەگەزی مێینەن لە کوردستان بۆ بەدەستهێنانی کورسی دەسەڵات کاریان کردووە».

«چارەنووسی ژنی کورد بەدەست خۆیەتی و دەبێ خۆیان هەوڵبدەن بەسوودوەرگرتن لەبزووتنەوە دەرەکییەکان بتوانن مافەکانی خۆیان بەدەستبهێنن، بەبۆچوونی من پێویست ناکات چاوەڕێی دەستی کەس بن، چونکە خۆیان خاوەنی بیروڕای بەکەڵکن کە دەکرێت کاری پێبکرێت لەزۆر بواردا، بەڵام ئەمانە کاتێك بەرجەستە دەکرێت کە حزب لەدەسەڵات جیابکرێتەوەو یاسا سەروەر بێت، ئەوکات نەك بەتەنیا ژنان بگرە ڕەگەزی بەرامبەریش و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لەمیحنەت ڕزگاریان دەبێت،زۆریش گەشبینم بەوەی هەنگاو بەهەنگاو لەو ئاسۆیە ڕوونە نزیکتر دەبینەوە».

شلێر باپیری، ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری مافی ژنانە کە ساڵانێکە دوور لە زێدی خۆی و لە هەرێمی کوردستان دەژی، ئەو سەبارەت بە پرسی ژنان و چۆنیەتی بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان، سەرەتا بە پێویستی دەزانێت، پێناسەیەکی کورت لەسەر توندوتیژی دژ بە ژنان بخاتەڕوو، بۆیە دەڵێت «هەر کردارێکی توندوتیژ لەسەر بنەمای ڕەگەز، جا ئازاردانی جەستەیی یان ڕووحی بێت، یان هەڕەشە و بەزۆر ناچارکردن بەئەنجامدانی کارێك بێت کە ببێتە هۆی بەرتەسککردنەوە، یان ستاندنەوەی ئازادی و مافە ئینسانییەکانی ژن، دەچێتە خانەی (توندوتیژی دژبە ژنان) ئەو چەمکەش ڕیشەی لە فەرهەنگێکی فراواندا هەیە کە سەرانسەری دنیای گرتووەتەوەو لە ئەنجامدا ژنانی لە مافەکانیان لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری و.. هتد بێبەش کردووە».

### پێویستە بەیاسایەکی تایبەت سنووری پیاوسالاری ببەزێندرێ

باپیری بۆ زیاتر شیکردنەوەی کرۆکی باسەکەشی هێما بۆ «کوشتن بەبیانووی ناموس» دەکات، کە هەر لەچوارچێوەی توندوتیژی دژ بە ژناندایەو زۆرتر بە دەست پیاوانی ئەندامی خێزان، یان نزیك لە خێزان ئەنجام دەدرێت. «لەناو ئەو وڵاتانەدا کە بەپێی کەلتوورەکەیان ژن بەشێکە لە سامانی پیاو و لەگەڵ داراییەکانی دیکەی وەك پارە و خانوو وجۆرەکانی دیکەی جیاوازییەکەی لەوەدایە کە ژن زیاتر لە جۆرەکانی دیکەی سامان بە پیاوەوە بەستراوەتەوە و هەرچەندە هەڵسوکەوت و جووڵەیەکی پەیوەندیی بە کەسایەتیی پیاوەکەوە هەیە، بەم پێیەش دەبێتە سامانێکی سەرەکی باوك و مێرد و برا و تەنانەت خزمانی دوورتریش خۆیان لەپاراستنی ئەم سامانەدا بە بەرپرسیار دەزانن و ژن وەك ناموسی هەموو ئەو پیاوانە سەیردەکرێت. بۆیە لە بچووکترین ڕووداوی تەنانەت نەخوازراوی ژنەکەش خۆش نابن». گوتیشی لەکۆمەڵگەی کوردیشدا بەتوندی داکۆکی لەسەر ناموس دەکرێت و هەر بەو بیانووەش هەموو ئازادییەکانی ژن زەوت کراوە. لەکوردستاندا کوشتنی ژنان بە بیانووی پاراستنی ناموس، بەردەوامە و بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ



**گەشاوە جاف:**

**زۆربەی ئەوانەی کە دەمڕاستی ڕەگەزی مێینەن لە کوردستان بۆ بەدەستهێنانی کورسی دەسەڵات کاریان کردووە و کاریگەرییان لەسەر مافی ژن نەبووە**

بــە ژنان، تەنیا لە مانگــی رابردوودا زیاتر لە ٢٠ ژن کــوژراون». هۆکاری ســەرەکیی ئەو تاوانانەشــی بۆ «تاوانبارکردنیان بە بەبادانی ناموســی پیاو»گەڕانــدەوەو گوتی «یەکێك لەو بابەتانە کە زۆرجار خــۆ لەبەدواداچوونی دەبوێرن، نەمانی «پەردەی کچێنییە» کە زۆر جار دەبێتە هۆی کوشتنی، زۆرجاریش ژنێك لە شەوی بووکێنیدا بە هەمان تۆمەت کوژراوە. یان کچێك بە تۆمەتی ئەوەی پێوەندی خۆشویستی لەگەڵ کوڕێك هەبووە و پەردەی کچێنی نەماوە، یان دەستدرێژی کراوەتە سەر و پەردەی لەدەست داوە، کــوژراوە. لە کاتێکدا ئــەوە کچ نییە کە تاوانبارە، ئــەوە کۆمەڵگەیە زۆر نادادپەروەرانە کچەکە دەکاتــە تاوانبار و لەدوایشــدا دەبێتە قوربانی. قوربانیــی بەرچاویش لەم دواییانەدا کەیسی (نیگار رەحیم)ی تەمەن ١٥ ساڵە بوو، کە براکەی دەستدرێژی کردووەتە سەری و زگی پڕ کردووەو دواتر براکەی دیکەی کوشتوویەتی، تاکەی دەبێ رێگە بدەین کە پیاوان و سیستمی پیاوسالارانە وابە ئاســانی ئەو ژنانە بکوژن و دواتر بە ســزایەکی کەم رزگاریان بێت، هەندێك جار سزای پیاوی ژنکوژ ئەوەندە کەمە کە زۆرتر لە ڕێزلێگرتن دەچێت نەك ســزا، بۆیە پێویستە بەیاســایەکی تایبەت ســنووری پیاوسالاری ببەزێندرێ و رێگری لــە دەربازبوونی تاوانبار بکرێ».

### پێشنیاری چەند ڕێکارێك
### بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی خێزانی

نەجیبە مەحموود، بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان و نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەریان، چەند ڕێکارێك پێشنیار دەکات کە بریتیتن لە:

١/دەرکردنی یاســایەك کە لە هەموو کوردستان کاری پێ بکرێت.

٢/ تاوانبــاران لە دادگای ئاشــکرا دادگایی بکرێن .

٣/ ماڤی گشتی کاری پێ بکرێت،لە کاتێکدا سکاڵا لەسەر تاوانباران تۆمار ناکرێت.

٤/ یاسای خێزانی بێ هیچ پاساوێك جێبەجێ بکرێت.

٥/ بنەماکانــی مافی مــرۆڤ وەك مەنهەج لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن لە خوێندنگەگان بخوێندرێت.

٦/خولی راهێنان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بــۆ دەزگاکانی پۆلیس و رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێتەوە.

٧/ پۆســتەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی ژنان بدرێنە ژنانی مەیدانی و بەتوانا، نەك ژنانێك کە گیرۆدەی پشتی مێز و بەر کامێراکانن.

٨/ لەکەمتەرخەمی هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی یان پۆلیس لەسەر رادەستکردنەوەی ژنانــی داڵــدەدراو بــە کەســوکاریان، یاخود کەمتەرخەمی لە بەدەنگەوە چوونیان، لێپێچینەوە بکرێت و سزای یاساییان بۆ دیاری بکرێت.

٩/چاودێری یاســایی هەبێت، بەســەر هەموو ئەو دەزگا کۆمەڵایەتییانەی کە کێشــەکان بە سوڵحی عەشایەری چارەسەر دەکەن.

١٠ / ســەندنەوەی دەســەڵاتەکان لە سەرۆك خێلەکان و گەڕانەوەی متمانە و دەســەڵات بۆ دادگا و سەروەری یاسا .

١١/ کارا کردنــی وەزارەتەکانــی کاروبــاری کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، پەروەردە و داد .

١٢/پەلەکردن لە هەموارکردن و گۆڕانی هەموو ئەو یاســاو رێســایانەی ژنان ئەکاتە پلەدوو و دەبێتە هۆی درووستکردنی جیاکاری .

١٣/ بایەخــدان بە بیمــەی کۆمەڵایەتی بەو ژنانەی کە پێویســتییان بــە هاوکاری ماددی هەیــە، تا لە ناچاری شــوو نەکەن و بەشــوو نەدرێن .

١٤/ هەموو دیاردەکانی زەوتکردنی مافی ژنان وەك فرەژنــی و بە زۆر بەشــوودان و گەورە بە بچووك و لە بری خوێندان قەدەغە بکرێت.

١٥/ مارەبڕینی کچان لە دەرەوەی دادگا قەدەغە بکرێت و سەرپێچیکەران سزا بدرێن.



شلێر باپیری:

**هەندێکجار سزای ژنکوژ ئەوەندە کەمە کە زۆرتر لەڕێزلێگرتن دەچێت نەک سزا، بۆیە بەیاسایەکی تایبەت دەبێت تەلیسمی پیاوسالاری بشکێت**

سیمین چایچی:

## ژنی کوژراو سەرەتا لە خەیاڵی نەخۆشی بکوژ و دواجار بە بڕیاری نەریتی و بێڕەحمانەی گشتیی کۆمەڵگە مەحکووم دەکرێت



هەرسەبارەت بە کەمکردنەوەی توندوتیژی خاتوو سیمین چایچی، پێشــنیارەکانی بۆ دۆزینەوەی چارەســەری یەکجارەکی دیــاردەی توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتــان، لەچەند خاڵێکدا بەمجۆرە بەرجەستە دەکات:

«لەڕاستیدا یاسا ســەرەکیترین ڕۆڵی هەیە لە پاراســتنی ئازادییە ڕەوا و ئینسانییەکانی ژنان و ئەبێت جەخت بکرێت لەسەر دانانی یاسایەکی تایبەتــی کارپێکراو بۆ پاراســتنی ســەرجەم مافەکانی ژن. ئەمــەش ئەرکی ڕێکخراوەکانی مافی مــرۆڤ و کۆمەڵگەی شارســتانی و کەســایەتی و چالاکوانانی مافی ژنە لەســەر ئاســتی کوردستان کە بە یەکدەنگییەوە سوور بن لە ســەر پلانی ورد و کاریگەر دژ بە دیاردەی ژنکوژی و داواکارییەکەیان لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانــەوە ئاراســتەی پەرلەمانتاران و دەســەڵاتداران بکەن. بۆ ئەوەش کە دەنگەکان بە هەموو دەڤەرێکی کۆمەڵگە بە شار و لادێکانەوە بگات، باشترین شێوە رەنگە کەمپینێکی بەربڵاو بێت بــۆ کۆکردنەوەی ئیمزا لەلایەن کەســانی یەکســانیخوازەوە کە پێویســتە مــاڵ بە ماڵی شــار و لادێی بۆ بکرێت. ئەگەر ئەو کەمپەینە دروست بکەین، هەم وشیاری بە تاکی کۆمەڵگە دەگات و هەم دەسەڵات لە بەرامبەر ئەو خواستە گشتگیرەدا ناتوانێت بێدەنگ بێت.

شلێر باپیری، بۆچارەسەری کێشەکە بە پێویستی دەزانێت «کار لەسەر هەموو رەهەندو قوژبنەکانی کەلتووری کۆن بکرێت، بۆ ئەوەی بگەینە ئاستێك ژن و پیاو لەکۆمەڵگەدا وەك یەك خاوەن ماف بن. بەڵام لە هەنگاوی یەکەمدا دەبی یاســایەك کە تەنیا نووسراو نەبێت، جێبەجی بکرێت و پشتگیری لە ژنان بکات و لەبەرانبەر هەر جۆرە کوشــتنێك و بە هەر بیانوویەکــەوە بیانپارێزیت. دواتر ژنان بە یەکدەنگی بتوانــن رێگەچارەی یەکجارەکی بدۆزنەوە. لە ئێستاشــدا ژنان دەتوانن لەڕێگەی بەداوادچوونــی یاســایی و وشــیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە رێگــەی راگەیەندنەکان و فیلم و تیزێر و زۆر شــتی دیکەوە تێبکۆشن. لە هەمان کاتدا ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز دەبێت بڕوایان بــە کرۆکی باســەکە هەبێت، کــە بەداخەوە لە کوردستاندا زیاتر دروشمی بێ کردار دەبینین».



# پیرانی خانەی بەساڵاچووان بەقەدەر رازین و لە نامیهرەبانی کەسوکاریان گلەیی دەکەن



**ئافرەتێکی باساڵاچوو:**

## بەقسمەتی رازیمە، خوای گەورە دەرگای بۆ کردمەوە لەو ئاخری عومرەی لە سەر جادە نەکەوتم

**لە زۆربـــەی وڵاتانی دنیا، خانە، یان کۆمەڵگەیەکی تایبـــەت لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەو بەســـاڵاچووانە تەرخان دەکرێت، کە بێکەسن، یان کەسوکاریان لەخۆیانی ناگرن، بۆیە بەســـاڵاچووانی لەوجۆرە، دوارۆژەکانی ژیانیان و تا ماڵئاوایی یەکجارەکی لە دنیای رووناك، لەو شوێنە بەسەردەبەن. گوڵان خانەی بەساڵاچووانی لەهەولێری پایتەخت بەســـەرکردەوە و کاربەدەســـتان و بەســـاڵاچووانی خانەکەش بە پێشوازییەکی گەرمەوە هاتنەئاخافتن.**

* * *

خانەی بەساڵاچووان لە هەولێر وەك شوێنێکی تایبەت بۆ پیران لە (٢٠١١/٥/٢٤) دامەزرا، ئەم خانەیە لەسەر شـــێوازی کۆمەڵگەیەکی تایبەت بە بەســـاڵاچووان دروســـتکراوەو لەسێ بەشی ســـەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە: خانەی بەســـاڵاچووانی ئاسایی، خانەی پەککەوتەکان و سەنتەری رۆژانەی بەساڵاچووان.

بەساڵاچووانی خانەکە هەرکام رابردوویەکی سەخت و دژواری پڕ ئاریشـــەیان هەبووە. ئەوان بە «قسمەتی خـــوا» رازین و هـــاوکات بـــە دڵێکـــی خەمبارەوە گلەمەندی خۆیان لە کەســـوکاریان دەردەبڕن. ناهیدە یەکێکە لە بەســـاڵاچووانی خانەکە و نازانێت تەمەنی چەندە، بەڵام کە باســـی ژیانی رابـــردووی دەکات، فرمێسك، دەنك ..دەنك بە سەر گۆنا لۆچەکانیدا گلار دەبێتەوە و هاوکات بەمجۆرە نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«من لەوەتی ماڵمان لەدەشت نەما، سەرگەردان بووم، دوای ئـــەوەی مێردەکەم مرد، ئیتـــر بە تەنیا ئەژیام، ئەوەش لە دەشـــت بۆ من بـــە تەنیا زۆر ناخۆش بوو، بۆیـــە هاتمە ماڵی کچەکـــەم، گەرچی من خاوەنی هەشـــت منداڵم، حەفت کوڕ و یـــەك کچ، بەڵام هەر کچـــە تاقانەکەم کە ماڵی لە گەڕەکی نەورۆزە، منی بردە لای خۆی، بەداخەوە من تەمەنم لە حەفتا ساڵ زیاتر بوو، زاواکەمان کە ســـایەقی تەکســـییە رێزی نەدەگرتـــم و دواجار منی دەرکـــرد و گوتی: ئەگەر نەڕۆیت کچەکەشـــت بە شەش منداڵەوە تەڵاق دەدەم، منیش لەبەر خاتری کچەکەم خۆمم سەرگەردان کرد، کەچی ئێستا کچەکەشـــم لێم ناپرسیتەوە، دواتر هەر شەوێك لەماڵی کوڕێکم بووم لە گەڕەکی بەستەپیازە، بە نیوەشـــەو دەریکردم و کەوتمە ســـەرجادە، باش بوو سەیارەیەکی شورتەی نەنجدە هات، منی دۆزییەوە و هێنامیە ئێرە و ئێستا لێرە دەژیم».

ناهیدە زۆر سوپاســـی کارمەندانـــی خانەکە دەکات و جەختیش لـــەوە دەکاتەوە کـــە زۆری رێزی لێدەگرن، وەك دواقسەشـــی گوتی «شوکر بۆ خوا.. بەقسمەتی رازیمـــە، خوای گـــەورە دەرگای بـــۆ کردمەوە لەو

## پیاوێکی بەساڵاچوو:

# باوکی نۆ منداڵم کەچی لەسەر شەقام دەخەوتم، شەوێکیان پۆلیس منیان بۆ ئێرە هێناو ڕزگاریان کردم

## بەڕێوەبەری خانەی بەساڵاچووانی هەولێر:

# لەداهاتوودا خولی جۆراوجۆر بۆ بەساڵاچووان دەکەینەوە

## بەڕێوەبەری بەشی پەککەوتەکان:

# پشتگوێخستنی پەککەوتەکان لەلایەن کەسوکاریانەوە ڕووبەڕووی حاڵەتی خراپی دەروونی کردوون

ئاخری عومرەی لە سەر جادە نەکەوم، ئێستاش زۆر مورتاحم، چونکە زۆر خزمەتم دەکەن، وەك منداڵی خۆم وەهان».

ئەیوب تەمەنی لە هەشتا ساڵ تێپەڕیوەو ئەویش یەکێکە لە ئەندامانی خانەی بەساڵاچووانی هەولێر، وەك خۆی باسیکرد، رابردوویەکی زۆر تاڵی هەبووە، بۆیە حەز ناکات ئازار و برینەکانی رابردووی بکولێنێتەوە، بەڵام نهێنییەکی ژیانی خۆی بۆ گوڵان درکاند و گوتی «من منداڵەکەم زۆر بچووك بوو، کە ژنەکەم کۆچی دوایی کرد، ئیتر منیش ئەو منداڵەم دایە خوشکەکەم بۆ ئەوەی بۆم بەخێو بکات، ئێستا ئەو منداڵە من ناناسێت و لە ئێران دەژی، منیش هەر بەتەنیا ژیام، هەتا تەمەنم بووە حەفتا ساڵ، تا رۆژێك جەڵتە لێمی دا و چاوەکانم لەکار کەوت، ئەوەبوو چوومە چەندین نەخۆشخانە و دواتر هاتمە ئێرە، لێرە لەلایەن خاتوو بەیان بەڕێوەبەری خانەی پەککەوتەکان برام بۆلای پزیشك و نەشتەرگەرییان بۆم کرد، ئێستا چاك بوومەتەوە، لەخودا بەزیادبێت، ئێستا چاوم دەبینێت، ئەوەی خوا بیکات پێی شوکرین». ئەو بەساڵاچووەش وێڕای دەربڕینی سوپاس و پێزانینی بۆ هەموو کارمەندان، گوتی «خوایان لێ رازی بێت، هەموویان هاوکاریم دەکەن، خزمەتم دەکەن، وەك باوکی خۆیان تەماشام دەکەن، رۆژانە پزیشك دێت پشکنینمان بۆدەکەن، لێرەش هەموو رۆژێك جلەکانمان بۆ دەشۆن، ساڵانەش چەند جارێك جلمان بۆدەکرن».

زیوەری بەساڵاچوو، وەك خۆی باسیکرد تەمەنی ٧٨ ساڵەو هەر لە منداڵییەوە لە گوندەکەی خۆی و خێزانەکەی جووتیارییان کردووە. ئەو باوکی شەش کوڕ و سێ کچەو دەڵێت «ماوەی پێنج ساڵ دەبێت کە ژنەکەم مردووە، دوای ئەو منداڵەکانم منیان بەخێو نەدەکرد، هەرەیەکەیان بە بیانوویەك منی لە ماڵی خۆی دەردەکرد باوکی نۆ منداڵم کەچی لە سەر شەقام دەخەوتم، شەوێکیان لەسەر شەقامی شەست مەتری خەوم لێکەوتبوو، پۆلیس منیان هێنا بۆ ئێرە».

زۆربەی بەساڵاچووانی خانەکە خەمی گەورەیان نامیهرەبانی منداڵەکانیانە، ئەوان گلەیی ئەوە دەکەن کە کەسوکار و بەتایبەتی منداڵەکانیان سەردانیان ناکەن، ئەوەتا زیوەر بە خەمبارییەکی زۆرەوە دەڵێت «راستە لێرە هەموو شتێکم هەیە، جلوبەرگی خاوێنم هەیە کە پێشتر نەمبوو، خواردنێکمان دەدەنێ، کە پێشتر نەمخواردووە، بەلام حەز ئەکەم منداڵەکانم بێن سەردانم بکەن، بیریان دەکەم.

بەڕێوەبەری خانەی بەساڵاچووانی هەولێر (کامەران تۆفیق)، توێژەرێکی کۆمەڵایەتییەو هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەو خانەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، (خانەی بەساڵاچووانی ئاسایی، خانەی پەککەوتەکان و سەنتەری رۆژانەی بەساڵاچووان)، سەبارەت بەوەش کە بۆچی بەشەکان جیاکراوەنەتەوە، ئاماژەی بەوە دا کە «خانەی بەساڵاچووانی ئاسایی، ئەو بەساڵاچووانە دەگرێتەخۆی کە کێشەی جەستەییان نییەو کەسانی ئاسایین بەڵام چوونەتە تەمەنەوە، بەڵام خانەی پەککەوتەکان ئەو بەساڵاچووانە دەگرێتەخۆی کە لە ڕووی جەستەییەوە پەکیان کەوتووە، واتا ئەو بەساڵاچووانە پێویستییان بە چاودێری بەردەوام هەیە، گوتیشی «پەککەوتەمان هەیە، ناتوانێت خۆی ڕابگرێت، پەککەوتەمان هەیە هەموو جەستەی لەکار وەستاوە، تەنیا سەری کار دەکات و ناکرێت ئێمە پەککەوتەیەك کەبەم شێوەیە دەژی لەگەڵ بەساڵاچوویەك کە هیچ کێشەیەکی جەستەیی نییە پێکەوە دایانبنێین، لەبەر ئەوە ئێمە هەستاوین دوو بەشی جیاوازمان داناوە بەشی خانەی بەساڵاچووانی ئاسایی و خانەی پەککەوتەکان، کە هەریەکەیان ئەرکیان جیاوازەو مامەڵە لەگەڵ خەڵکانێك دەکەن کە لەڕووی زۆر شتەوە جیاوازن .

بەڕێوەبەری خانەی بەساڵاچووانی هەولێر هەر سەبارەت بەو سەنتەرە گوتی «ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەو بەساڵاچووانەی کە سەردانی ئەم سەنتەرە دەکەن، رۆژانە کاتەکانیان لە کەشو هەوایەکی باش دەبەنە سەر، واتە لەجیاتی ئەوەی لەبەر هەتاو و لەسەر شەقامەکان دابنیشن، دێنە ئێرە، لەم سەنتەرەش ژووری پزیشکی لێیەو دەتوانن رۆژانە خۆیان بپشکنن و شوێنی حەوانەوەشی لێیە».

ژمارەی بەساڵاچووانی خانەکە دگۆڕێت، واتە هەندێك جار زیاد دەکەن و جاری واش هەیە ژمارەیان کەمتر دەبێت، بۆ نموونە دوو رۆژ پێش ئێستا ژمارەیان (٦٨) بەساڵاچوو بووە، بەڵام وەك بەڕێوەبەری خانەکە باسیکرد، دوو بەساڵاچووی دیکەیان بۆ هاتووە و ئێستا ژمارەیان گەیشتۆتە (٧٠) بەساڵاچوو، کە (٢٢) کەسیان بەساڵاچووانی ئاسایی پیاون و ئافرەتیان تیا نییە، لەخانەی پەککەوتەکانیش لە کۆی (٤٨) بەساڵاچووی پەککەوتە، (٢٠)یان ئافرەتن.

کامەران تۆفیق ئەوەشی ئاشکرا کرد کە تا ئێستا نزیکەی (١٥) بەساڵاچوویان بۆ ماڵی خۆیان ناردووەتەوە و ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن، بەڵام «مووچە و خزمەتگوزارییەکانی وەك جلوبەرگ و هاوکارییە مادییەکان»یان بۆ ڕەوانەدەکەین. گوتیشی »بەساڵاچووان کێشەکانیان جۆراوجۆرن، بەساڵاچوو هەیە لەسەر کێشەیەکی زۆر بچووك ماڵەوەی بەجێهێشتووە، بەڵام ئێمە دەچین بەدواداچوونی بۆ دەکەین و سەردانی کەسوکاری دەکەین، ئەو کات کە زانیمان کێشەکەی زۆر قورسە و چارەسەرناکرێت، لای خۆمان گلی دەدەینەوە، بۆ نموونە بەساڵاچوو هەیە کەسوکاری بەهیچ شێوەیەك وەری ناگرنەوە، یان بەساڵاچوو هەیە کەسوکاری وەری دەگرنەوە، بەڵام چونکە مامەڵەی خراپی لەگەڵ دەکەن، خۆی ناگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، هەشمانە هەر کەسی نییە، زۆر بەساڵاچووش هەن بەهۆی ئەوەی کە منداڵی نەبووەو ژنەکەی مردووەو یان هەر لەبنەڕەتدا ژنی نەهێناوەو ئێستا کەس نەماوە خزمەتی بکات، روو لە خانەی بەساڵاچووان دەکەن».

بەساڵاچووان مانگانە (٤٥) هەزار دیناریان پێدەدرێت و ساڵانەش دوو تاسێ جار جلوبەرگیان بۆدابین دەکرێت، بەڕێوەبەری خانەکەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەوڵدەدەن لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆیان زیاد بکەن.

وەك ئەو بەڕێوەبەرە باسیکرد، لەماوی حەوت ساڵی رابردوو سێ حاڵەتی هاوسەرگیرییان لەنێو خانەی بەساڵاچواندا بووە کە یەکێکیان بە هۆی کۆچی دوایی بەساڵاچوویەك، ژیانی هاوسەری نەماوە و ئێستا تەنیا دوو خێزانی بەساڵاچوو لەناو ئەو خانەیە دەژین.

بەیان حەسەن عەلی، بەڕێوەبەری بەشی پەککەوتەکانەو وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و بەرپرسی بەشەکە دەڵێت «بێگومان گەورەترین کێشەی بەشی پەککەوتە ئەوەیە کە ناتوانن ئەوان خزمەتی خۆیان بکەن، تەنانەت پەککەوتەمان هەیە، ناتوانێت نانیش بخوات، ئەمە بێجگەلەوەی پەککەوتە هەیە کێشەی تەندورستی و جەستەیی هەیەو هەمیشە خۆی پیس دەکات.

بەیان حەسەن جەختی لەوە کردەوە کە «ئەو پەککەوتانەی ئێستا لەخانەی بەساڵاچواند دەژین، زۆربەیان کەسوکاریان هەیە، بەڵام خزمەتیان ناکەن»، گوتیشی «من خۆم پیاوێکم لایە، تەمەننا دەکات بچێت چاوی بە کەسوکاری بکەوێت، بەڵام کە لەسەر داوی خۆی دەینێرین، ئەوان راستەوخۆ بۆمانی دەنێرنەوەو دەڵێن مەینێرن، کێشەمان بۆ دروست دەکات، یان حاڵەتمان هەیە کچەکە باوکی دەهێنێت و دەڵێت مێردەکەم هەڕەشەی لێکردووم کە دەبێت لە ماڵماندا نەمێنێت و باوکمی دەرکردووە، ئەگەر منیش بەقسەی نەکەم، تەڵاقم دەدات، یان حاڵەتمان هەیە پیاوێکە خاوەنی حەوت هەشت کوڕە، کەچی کەسیان لێی ناپرسنەوە، ئەمانە هەمووی گرفتی ئەو پیر و پەککەوتانەن، ئەوان هەموو شتێکیان لێرە هەیە، بەڵام هەمیشە حەزدەکەن بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان، چونکە هەست بە بۆشاییەك لە خزمایەتی دەکەن».